

ڕێپێوانی ماموٚستایان لەسلێمانی




ماموٚستایان پرۆگرامی خوێندن دەخەنە تابوتەوە

## سەبارەت بە :          خۆپیشاندانی بێ وێنەی ماموٚستایانی سلێمانی

هاتنەمەیدانی ماموٚستایانی سلێمانی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لەبزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان چ لەئاستی یەکدەستی و یەکگرتوویی و ڕۆحیەت و حەماسی بەرزی خەباتکارانەیاندا چ لەتێکشکاندنی تەلیسمی بێ دەنگی و خۆشباوەڕی بەئەحزابی دەسەڵاتدار و ڕێکخراوە زەردەکانیان و پڕوپاگەندەی ژەهراوی نەتەوەپەرستانە و هەڕەشە و گوڕەشەی دەزگا جاسوسی و سەرکوتگەرەکانیان.

ئەم ئاڵوگۆڕە هەروا دیاردەیەکی خۆڕسکی و ئاسایی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی توێژی ماموٚستایان نی یە، هاوکات هەمان دیاردە لە پەرەسەندنی ناڕەزایەتی خوێندکارانی زانکۆدا بەئاستێکی دیاریکراو  لەئارادایە و لەئاستی کۆمەڵایەتیشدا ئەم هاتنە مەیدان و ڕژانە سەرجادەی خوێندکاران و ماموٚستایان هاوکاتە لەگەڵ هاودڵی و پشتیوانی چەند ملیۆنی خەڵکی ناڕازی و تووڕەی کوردستاندا. ئەم وەرچەرخانە ڕێگایەکە لەبەردەم کۆمەڵگا و سەرجەم خەڵکی کوردستاندا لەبەرامبەر گەندەڵی حاکمیەتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردستان و  نادیاری چارەنووسی خۆیان بەهۆی سیاسەتی قازانج پەرستانەی ئەوانەوە لەگەڵ هێزە تاریك و کۆنەپەرست و شۆفینیستەکانی تری عێراقدا . و ئەمە دیاردەیەکی بەتەواوی سیاسی یە. ئەمە هەنگاوێکە لە ڕاستای هاتنە مەیدانی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە .

ئەوە ڕاستە بێ ماف و هەلومەرجی خراپی گوزەران و ژیانی ماموٚستایان و گەندەڵی ئیدارە و پەروەردە و سیستەمی خوێندن  بێزاری و تووڕەیی یەکی بێ ئەندازەی لەناو توێژی ماموٚستایان و خوێندکاراندا دروست کردووە هەروەکو چۆن ئەم بێزاری و ناڕەزایەتی یە لەناو زۆربەی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگای کوردستاندا لە ئارادایەو پەنگ دەخواتەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئیتر بیانوی هێرش و گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس، شەڕی ناوخۆ، حکومەتی هەرێمی ساوا، پڕوپاگەندەی ژەهراوی نەتەوەپەرستی، ناتوانێت دەسەڵاتی ئەم حزب و میلیشیا چەکدارە عەشیرەتی یانە بەسەر خەڵکی کوردستانەوە درێژە پێ بدات. بە تایبەتی لەکاتێکا کەخەڵکی کوردستان دەبینن سەرانی ئەم حزبانە خۆیان لەسازدانەوەی دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستانە و تاریکی ئایندەی عێراقدا لەگەڵ هەموو جرۆجانەوەرێکی ئیسلامی و شۆفینیستدا دەستیان تێکەڵ کردووە و خەریکی سازدانەوەی عێراقێکی قەومی و دینی پڕ کینە و شەڕی قەومی و دینین.

خەڵکی کوردستان، بەتایبەت توێژی ڕۆشنبیرانی ناڕازی، وەك ماموٚستایان و خوێندکاران و کارمەندان و لاوان زیاتر لە هەموو توێژێکی تری کوردستان درکیان بەو ڕاستی یە کردووە کە لەسایەی چاوەڕوانی و بێدەنگی لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئەم

ناسیۆنالیستانەدا بەبیانووی پووچی جۆراوجۆری نەتەوەپەرستانەوە کە ڕۆژانە دەرخواردی خەڵکی دەدەن، نەك ژیانیان باشتر نابێ بەڵکو هەتا دێت فورستر و خراپتر دەبێ و بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ ژیانی ئایندەو چارەنووسی خۆیان و گشت کۆمەڵگای کوردستان نابینن لەسایەی دەسەڵات و سیاسەتی کلکایەتی و قازانج پەرستانەی ئەم حزبانە لەگەڵ ئەمریکاو هێزە ڕەشەکانی تری عێراقدا.

بەکورتی، بێ ئومێدی و بێ هیوایی خەڵکی کوردستان بەحاکمیەتی حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان و سیاسەتەکانیان گەیشتووەتە باڵاترین ئاستی خۆی، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا شکڵ و ئاستێکی باڵاتر لەناڕەزایەتی جەماوەری لە کوردستاندا دەهێنێتە ئاراوە.

هەرکەس بڕوانێتە ئەو مامۆستایانەی کەپرۆگرامەکانی سیستەمی خوێندنیان خستووەتە تابووتێکەوە و بەوپەڕی حەماسەوە هاوار دەکەن تەزوو بەلەشیدا دێت و خۆزگەی بەشداربوون لەو خۆپیشاندانەدا دەخوازێت. ئینسان بە ئاسانی هەست بەوە دەکات کەدەسەڵاتدارانی کوردستان ڕەمزی کۆنەپەرستی و میراتگری سیستەم و پرۆگرامی بەعسن و جەماوەریش ڕەمزی ئازادیخوازی و مەدەنیەتن، ئەم دوو لایەش هەتاسەر لەمەنجەڵی خورافەی نەتەوەپەرستی دا جێیان نابێتەوە، ئەمڕۆ شەڕ و ململانێی ئەم دوو بەرەیە لەکۆمەڵگای کوردستاندا گەیشتووەتە سەر جادە و شەقامەکان.

ئەم خۆپیشاندانانە سەرەتای دەورەیەکی نوێی کێشمەکێش و نەبەردی نێوان خەڵك و ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردە. شەڕە لەسەر گوزەران و مەدەنیەت و ئازادی و چارنووس و ئایندەی کۆمەڵگای کوردستان. ئەم بزووتنەوەیە سەرەتاکانی بەدەرکەوتوون. ترس و هەراسانی و هەڕەشەو گوڕەشەکانی ڕێکخراوە زەردەکانی ئەم حزبانە و دەزگا سەرکوت وجاسوسیەکانیان پایەی قووڵ و فراوانی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە جەماوەریەی خەڵکی کوردستان نیشان دەدات.

ئەم بزووتنەوەیە دەبێ خۆی کۆبکاتەوەو وەکو بزووتنەوەیەکی سەراسەری و ڕێکخراو بۆ ڕزگاربوونی کۆمەڵگای کوردستان خۆی نیشان بدات. دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی سیاسی جەماوەری فراوان کە سەرجەم جەماوەری متمدن و ناڕازی کوردستان و سەرجەم حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و کەسایەتی یە ئازادیخوازەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە پاشەکشەکردن بە ئیدارە و سیاسەت و دەسەڵاتی ناسیۆنالیستەکان لە کوردستاندا بکات، بووەتە پێویستی یەکی حەیاتی بزووتنەوە ناڕەزایەتی یە لە کوردستاندا.

کۆنگرەی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم لەکوردستان، ئەو ڕێکخراوە سەراسەریە جەماوەریەیە کە لەم پێناوەداو بۆ یەکگرتووکردنی ناڕەزایەتی وخواست و ئامانجەکانی جەماوەری خەڵك لەم وەزعیەتە ناهەموار و نادیارەی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان پێکهاتووە . پێکهێنانی دەستبەجێی ڕێکخراوە جەماوەریە تازەکانی مامۆستایان و خوێندکاران لاوان و ژنان و ناوەندەکانی کار و کارمەندان و خەڵکی گەڕەکەکان.. و کۆبوونەوەیان لە (کۆنگرەی ڕیفراندۆم)دا مەرجێکی بنەڕەتی چوونە پێشەوەی ئەم بزووتنەوە جەماوەریەیە بەئاراستەی باشترکردنی ژیان و بەرگری لە ئازادی و مەدەنیەت و دەستکۆتاکردنی دەسەڵاتی میلیشیای ناسیۆنالیستەکان لەسەر ژیان و چارەنووسی خەڵکی کوردستان و یەکلاکردنەوەی چارەنووس و دەسەڵات لەکوردستان دا لەڕێگای دەخالەت و هەڵبژاردنی هوشیارانە و ئازادانەی جەماوەری خەڵکی کوردستانەوە.

سامان ئەحمەد

٢٠٠٥/٤/١٦